

# دەرمانەکانی دڵ

د. ئەسیل کبیسی

وەرگێڕ: ئارام عوسمان

GOLDEN BOOK

Scanned with CamScanner



# دەرمانەکانی دڵ


نووسینی: د. ئەسیل کبیسی

وەرگێڕ: ئارام عوسمان

پێداچوونەوە: سیروان سلێمان

دیزاین: هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی چوارچرا - سلێمانی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٥٠٤) ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە

GOLDEN BOOK



مافی چاپکردنەوە و بلاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ گولدن بووک

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# خودایەکی بۆخۆی داناوە جگە لە الله

سەیرە بۆ دروستکراوێك کەجگە لە اللەی کردووە بەخودای خۆی

گوێی بۆ ئارەزووی گرتووەو نازانێت خودا گوێی لەهەناسەکانیەتی

سەرسامە بەدروستکراوێك کە الله خودایەتی و نازانێت کەئاسمان و

ئەوەی لەزەویدایە لەژێر بەزەیی ئەودان

سەیرەو زۆریش سەیرە بۆ دروستکراوێك ئەگەر خودای بەبەزەیی

پەناگەی نەبێت

پێم بڵێن دڵتان چۆن هێور دەبێتەوە ئەگەر داوای لێخۆشبوون

لەپەروەردگارتان نەکەن

*یادەوەرییەك بوو لەکەسێکی بێدینەوە بیستبووم، کەوەڵامی خودای بۆ هات لەفەرموودەی:

« إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَْرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَْرْضِ لآَيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (البقرة - ١٦٤)»

............

# وێرانە

گیان بەوێرانەیی هاتە لای پەروەردگار
گیان رووناکییەکی پرشنگداری هاویشت
سەردەمەکەت هیچ خەمێکت پێ نادات
کەخودای بەبەزەیی مەرهەمی بەزەیی نەکات
ئەوەی پشت بەخاوەن بەزەیی نەبەستێت
هیچ خاوەن بەزەییەك نادۆزێتەوە
ئەگەر بەدوای خودایەکی جێبەجێکاردا دەگەڕێیت
ئەوا ئەو خاوەن بەزەییە رۆشناییەکی پرشنگدارە

# بەلاوازت دەزانن و تۆش لەلای خودا بەهێزتریت

سەیرە، سەردەمێك كەڕاست تیایدا هەڵەیە

ئەوەی سەردەمەكەی وەك ئێمەیە، خەم لەكەس ناخوات

هەركەس خۆی دەبینێت و بەلاوازت دەزانن

خـوداش لاوازی نییە، مەگەر كەسێك بەزەیی دڵی لەیادكردبێت

بـەڵام بەخودا سوێندتان دەدەم، كاتێك دەگـەن بە موحەممەد (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت)

چی بەپێغەمبەرێك دەڵێن كەبەبەزەیی نێردرابێت

*یادەوەریی رۆژێكە كەبێهیوایی زۆرم بینی، كاتێك گەڕامەوە بۆماڵەوە ئەمەم نووسی و بێهیواییەكەم گۆڕا بۆ هێزو وزە، كەواتە هەموو بێهیواییەكانمان بەئازار نین.

# جوویەکی موسڵمان

خۆزگە جوویەك بوومایە
لەسەر دەستی تۆ موسڵمان ببوومایە، ئەی خۆشەویست
بۆئەوەی پاداشتی خۆشەویستیو موسڵمانبوونەکەم
بۆ تۆ بێت
بریا کات بگەڕایەتەوە بۆ ئەو سەردەمەی لەناو ڕەحمی
دایکمدا بووم
بەڵکو لەگەڵ بەزەییەکان تێکەڵ ببوومایە
ئەی ئەو دڵەی کاتێك ئارەزووی خەونەکانی دەکات
پێی بڵێ سەردەمەکەم سودی پێ نەبەخشیم

*لەبارەی ململانێی نێوان ئاینو خۆشەویستی خوێندمەوە، کەچەند بەئازارە بۆ ئەو کەسانە، و چی ناکۆکییەك لەژینگەی ئەو کەسانەدا دێنێتە ئاراوە، سا خودایە بەزەییت بەدڵەکانیاندا بێتەوە.

## چاکە

ئەی چاکە تۆ کەی دێیت
ئایا نایەیت
ئارامگریمان زۆری خایاند
کاتێك ئارامیمان گرت
وتیان چۆن ئارام دەگریت
بارودۆخت چۆنە لەگەڵ ئارامگریدا
وتم خودا هەیەو
ئارامگری بەهەدەر نادات

•چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، لەبارەی ئافرەتێکەوە کەناڕەحەتیی زۆری تووشبووە، و خەڵکی وەك نموونەی زۆریی بەلاو ناڕەحەتی دەیانهێنایەوە، بەڵام دڵی ئەو ئافرەتە ئارامگرە لەخواترسە چەند جوان بوو، کەلە قوڵپەی گریانیدا سوپاسی خودای دەکرد، هیچ شتێك لای خودا لەو دڵە جوانتر نییە کەبەناڕەحەتییەکانی دنیا تاقیدەکرێتەوە، بەڵام دەزانێت کەڕزگاربوون لەلایەن خوداوەیەو ئەوەش بەڵێنی خودایە بۆی.

خودای باڵادەست فەرموویەتی:

«وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمْوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ، الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، أُوْلَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ».

# دۆخی خەڵکی و دۆخی من

ئەگەر دۆخی من بەلایەوە سەرسوڕهێنەر نییە
ئەوا کەسانێك هەن کەدۆخی من سەرسامیان دەکات
کاتێکیش سەیری دۆخی ئەوانم کرد
بینیم لەدۆخی من باشترە
زۆر سەیری ئەی مرۆڤ
ئەم دوو دۆخە کەی سەرسامت دەکەن
دۆخی تۆ لەدڵخۆشی و لەخەمدا
ئەی مرۆڤ تۆ کەی سوپاسی خودا دەکەیت

*ئـــەوەی لەکۆمەڵگەدا روودەدات، لەدەوروبەرمدا دەیبیستم و بەچاو دەیبینم ئەوەیە کەلەدۆخی خۆیان رازی نین، لەگەڵ ئەوەی خودا زۆری پێبەخشیون، بەڵام لەواتای بەخشینی خودای بەبەزەیی تێنەگەیشتوون، هەروەکو لەکتێبە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی:
« لَئِن شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ».



# لەلای خودا هیچ حسابێکی نییە

هاوڕێم پێت خۆشە لەسەردەمی ئێستاماندا بژیت؟
سەردەمی ئێمە خودا ناناسێت
لەبەردەمماندا داوای خۆشەویستی خودا دەکەن
سنگیشیان بێباوەڕیو بوختانی تێدایە
دۆخیان دەبینیتو سەرسام دەبیت پێیان
ئایا دۆخیان بەوشێوەیە لەگەڵ خودای میهرەبان
لەلای تۆ بەخاوێنیو ئامۆژگاری دەدوێن
نەزانیی خۆشیان دەدەنە پاڵ خودایان
لەبەر خودا ئەمە بەسە بۆ موسڵمانان



Scanned with CamScanner

خودا هیچ حسابێکی نییە بۆ بێباوەڕان
ئەی ئارامگران، موژدەتان لێبێت بەئارامگرییەکەتان
خودا پاداشتی دوو ئارامگری ون ناکات
ئارامگرتن لەسەر نەزانیو ئامۆژگاری
لەلای خودا بێ حسابە

*ئەوەی لەناو ئومەتەکەماندا ڕوودەداتو ئازارم دەداتو زانایانیشمان هیچ وەڵامێکیان نییە بۆی، ئەمە نامەیەکە بۆ هەندێك لەزانا دووڕووەکانمان، خودا ئەو دوو ئارامگرییە بەهەدەر نادات.

# گیانم کۆترێکە چاوەڕێی بینینتە

خۆزگە گیانم کۆترێك بوایە لەمەککە
بۆئەوەی بەرامبەر گۆڕەکەت بوەستامایە خۆشەویستم
داوای شەفاعەتی تۆم بکردایە
لەڕۆژی دواییدا جگە لەتۆ کێ شەفاعەتمان بۆ دەکات
خودا تۆی خۆشدەوێت
ئێمەش تۆمان خۆشدەوێت
خۆزگە کات دەگەڕایەوە بۆئەوەی لەنزیکت بین
بۆ ئێمە بوویت ئەی سەرکردەی خۆشەویستم ئەی پێشەوای بەڕێزو پشتو پەنا
کەواتە سڵاو لەسەر تۆ بێت تا ئەوکاتەی سڵاو دەگاتە کۆتایی
سوپاس بۆ ئەو خودایەش کەتۆی کردە پێغەمبەری هەڵبژاردەی خۆی
(درودو سڵاوی خودات لەسەربێت)

## سەرپێچیکردن لێخۆشبوونی لەدوایە

ئەگەر سەرپێچیکار بیزانیایە
خودای بەبەزەیی چەندە خۆشیدەوێت
رەنگە لەسەرپێچی هەڵهاتایە
بەندەکەم شەرم لەمنی بەبەزەیی ناکەیت؟
خودا پێویستی بەبەندایەتیی ئێمە نییە
ئایا بەندە سەرپێچییەکانی دەباتە لای خودا
خودایە بێنیازمان بکە لەسەرپێچیکردنت
با ئەم دڵە جگە لەتۆ لەکەس نەترسێت
چونکە تۆ خاوەن و پاشای ئەم دڵەیت



Scanned with CamScanner

# هیچ خودایەك نییە جگە لە اللە

بەندە خەفەتبارە لەکاتێکدا خودای بەبەزەییە
کێیە ئەوەی کارەکان هەڵدەسوڕێنێت
خودا روناکیی ئاسمانەکانو زەوییە
چۆن خەفەت بخۆین لەکاتێکدا رووناکیی ئێمە خودایە

*رۆژێك هەستم کرد زۆر خەمبارمو هیچ پشتو پەنایەکم نییە، بەڵام پاش چەند خولەکێك بەخۆمم وت بوەستە... چیت بەسەرهاتووە، کچ کێ تەنیایەو ئەم قسە خەیاڵییانەت لەکوێوە هێناوە؟ چۆن بوێریی ئەوەت هەیە بەخۆت بڵێیت

°° °° سەلامی دڵ



تەنیامو خۆی فەرموویەتی «من لەڕەگی ملتان لێتان نزیکترم». وەستامو لەپەنجەرەی چێشتخانەکەمەوە سەیری ئاسمانم کردو ئەم نزایەی پێغەمبەرم خوێند:

اللّهُمّ إلَيْك أَشْكُو ضَعْفَ قُوّتِي ، وَقِلّةَ حِيلَتِي ، وَهَوَانِي عَلَى النّاسِ، يَا أَرْحَمَ الرّاحِمِينَ ! أَنْتَ رَبّ الْمُسْتَضْعَفِينَ وَأَنْتَ رَبّي ، إلَى مَنْ تَكِلُنِي ؟ إلَى بَعِيدٍ يَتَجَهّمُنِي ؟ أَمْ إلَى عَدُوّ مَلّكْتَهُ أَمْرِي ؟ إنْ لَمْ يَكُنْ بِك عَلَيّ غَضَبٌ فَلاَ أُبَالِي



Scanned with CamScanner

# ڕۆیشتن

ڕۆیشتن و هێشتا ڕۆیشتنیان ئازارمان دەدات
چەندە حەزمان دەکرد بمێننەوە کوڕەکەم
بەڵام هێشتا شوێنیان لەدڵەکانماندایە
ئەگەر بمانزانیایە دەڕۆن
چاوەکانمان لەلای ئەوان دادەنا
بەڵکو قەرەبووی ئەو ڕۆیشتنەی بکردایەتەوە

*باپیرەی یەکێك لەهاوڕێ ئازیزەکانم کۆچی دوایی کرد، کاتێك لاوانەوەی باوکیم خوێندەوە هەستەکانم کەوتنە قسەکردن و کەوتمەوە بیری باوکم، کاتێك بۆ دایکی دەگریا، بەجۆرێك کەجەستەی دەهێنایە جۆش و خرۆش.



# بەشی دنیا

چۆن عاشقی شتێك بین کەبەشی ئێمەی تێدا نییە
و ئەو بەشەی هی ئێمەیە وازی لێبهێنین
یان ئەمە لەسەر مرۆڤ نووسراوە
یان ئارەزووی خۆی ئەمەی پێدەکات
وریای ئارەزووەکانت بە، چونکە بەشی تۆ دیاریکراوە
ئەویش لەلای خودایە
کارێك مەکە دەروونت فەرمانی خراپەت پێبکات



Scanned with CamScanner

# بەتامەزرۆیی

دەمەوێت لەباوەشت بگرم
بەڵام پەراسووەکانم لەباوەش دەگرم
تامەزرۆی تۆم
هێندەی تامەزرۆیی فاتیمە بۆ پێغەمبەر (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت)
دەمەوێت بۆنت پێوە بکەم
دەترسم بڕۆیت و دیارنەمێنیت
ئەگەر ڕۆیشتیت
من چۆن بێ خۆشەویست بمێنمەوە
دەمەوێت سەیرێکی ئەو چاوە جوانانە بکەم
لەناو هەزار نا فەرهەنگی من لەچاوی تۆ جوانتری نەبینیوە

# دروستکەرم

سوپاس بۆ خودا رۆژێك منی بەجوانی دروستکرد
مافی دا بەهەر خاوەن مافێك
دنیاکەمان دەمکاتە کەسێکی ناتەواو
پاکی بۆ ئەو خودایەی بەناتەواوی‌و جیاوازی منی خۆشویست
ئەی ئەو کەسەی کاتێك ژیانمان سەخت دەبێت پەنای دەبەیت
جگە لەخودا هیچ پەناگەیەکم نییە
ئەی ئەو گیانەی لەجەستەماندا نیشتەجێیت
تۆ گیانیت‌و داواکاریت جێی رێزە
سوپاسگوزار بە خودا گوێبیستی سوپاسگوزارانە



Scanned with CamScanner



# دڵەی خەمبار

کاتێك دەتانبینم وەك مەڵهەمێکە
دڵەی خەمبار چارەسەر دەکات
رۆژی شادبوون بەدیدارتان
خۆشەویستی بۆ دڵ دەگەڕێتەوە
رووناکییەکە لەئێوەوە هاتووە
بۆ چەندین ساڵ مژدەی پێداین
ئەگەرئەو ساڵانە لەگەڵ ئێوە نەبوونایە
تەمەن بەبێ ساڵا تێدەپەڕی

*روخساری هەندێك کەس تەنها بەسەبرکردنێك چارەسەری دلت دەکات و بە بەدختەوەری شەو [illegible]



Scanned with CamScanner



# پەروەردگاری زەوی و ئەوەی تێیدایە

ئەگەر خودا لەناو دڵتدا بێت، ئەوا قسەی خەڵکی ناتوانێت ماندووت بکات، لەهیچ شتێك مەترسەو سڵاو بکە لەدنیاو ئەوەی تێیدایە، کاتێك خودا پەروەردگاری زەوی و ئەوەیە کەتێیدایە.

# ئازادیی هزر لەسەردەمی نەزانیدا

ئەگەر ئازادی بدەیت بەکچو رەوشتی فێربکەیت باشترە لەوەی لەقەفەسێکدا زیندانیی بکەیتو رەوشتی لەدەست بدات.

ئەگەر کەسێك بخەیتە بەردەمی فیتنەیەكو خودای بیربکەوێتەوە باشترە لەوەی بیخەیتە ناو چوارچێوەیەکی ئاینییەوەو تەنها خۆی بناسێت.

ویژدان کچ بەڕێوەدەبات، فێری بکە کەویژدانی بەڕێوەببات باشترە لەوەی تۆ دەست بگریت بەسەریدا.

راستەقینەی مرۆڤ لەبەردەم فیتنەدا دەردەکەوێت.



Scanned with CamScanner

# دەژییت

لەسەر گۆی زەوی باسی هیچ ئازارێکت بۆ کەس مەکە، تەنانەت ئەگەر ئەوکەسە دایکت بێت، چونکە رۆژێك دێت لەدژی خۆت بەکاریدەهێنێت، هەموومان مرۆڤین، شتمان لەیاددەچێتو قسە دەکەینو تورە دەبین، بەم شێوەیە دروستکراوین، بۆیە چەقۆ مەدەرە دەست کەسێك کەلە داهاتوودا بریندارت دەکات، هانا بۆ خودا بەرە، چونکە ئەو بەتەنها توانای هەیە بەهەموو دۆخێکەوە تۆی قبوڵ بێت، بەتوانایە بۆئەوەی بەرەو باشترت ببات، بەتوانایە لەچارەسەرکردنی جەستەو گیانو عەقڵو دڵت، خودا رووناکییەکە کەلە ئاسمانەوە دێت بەرەو جەستەت، بیرت لای ئەوە بێتو ئیتر دەژییت.



# کەی بژیین

دەڵێن ژیان تاقیکردنەوەیە،
دەکرێت ئێمە لەم عێراقە هەموو ئەو شتانە تاقیبکەینەوە؟
باشە کەی ئەنجامەکان رادەگەیەنرێن؟
ئێمە کەی بژیین؟

# سروش

خەمبار مەبە کەسێك هەیە کەبەنایابیو جوان دەتبینێت
ئەویتر بە ڕقن دەتبینێت
کەسێکیش هەیە بەخۆبەزلزانت دەزانێت
کەواتە هەمووان لەچاوی خۆیانەوە سەیر دەکـەن، هەرکەس خۆشیویستیت بەباشترین شتی بونەوەرت دەزانێت، عەیبەکانت هەرچییەك بۆ نموونە، خەمبار مەبە تەنانەت ئەگەر تاکەکەسێکیش بەسروشبەخش نەتبینێت.
تۆ بەچاوی هێزو سروشەوە بۆ خۆت بڕوانە...



# هێز

کۆتا قۆناغی هێز ئەوەیە ئەو شتە تێپەڕێنیت کەئازارت دەدات.

ئەوەی خاڵی لاوازیت تێپەڕێنیتو لاواز نەبیت.

دڵت تێپەڕێنیت بەرلەوەی ئازارت بدات.

ئەوەی قسەی خەڵکی تێپەڕێنیت بەرلەوەی ئازارت بدات.



Scanned with CamScanner

# هەل

هەندێك كەس تەنها بەوە دێنە ژیانتەوە كەچارەنووس ئەو هەڵەی پێبەخشیون، بۆئەوەی لەژیاندا وانەیەكت فێربكەن و دواتـر بچنە دەرەوە، خەم بۆ كەسێك مەخۆ كەخودای باڵادەست نەیكردووە بەچارەنووست، دنیا مامۆستایەكەو تۆش فێرخوازیت، كەسیش داوای دنیا ناكات، ئەوە نەبێت كە لەدەستی داوە.

هەموو مرۆڤەكان بیرۆكەی نەرێتی و ناڕەحەتیان بۆ دێت، بەڵام هەموو مرۆڤەكان حیكمەتی خودا لەو ناڕەحەتییەدا نازانن، بزانێت كەدنیا بۆ بنیادەمەكانە، ئێمە لەبەهەشت دروستكراین و لەپێناو ئەوێشدا.

كەواتە خەم بۆ ئـەوە مەخۆ كەلە دەسـت دەرچـوو و دڵخۆشبە بەوەی دێت، بەخششی خودا بەزەییەو گرتنەوەشی دانایییە، كەواتە لەگەڵ خودابە، لەهەموو شتێكدا، ئەویش لەگەڵت دەبێت و دەتپارێزێت.



Scanned with CamScanner

# ئافرەت هەموو دنیایە

ئەگەر هەندێك كەس لەكۆمەڵگەدا ئازاری ئافرەت دەدەن، ئەوا وەرن با ئافرەتتان پێ بناسێنم.

ئافرەت دڵی وەك ئاوێنەیەكە بۆی، ئافرەت دەتوانێت لەبەرامبەر هەمووان و ناڕەحەتی و ناخۆشییەكاندا خۆڕاگر بێت، بەڵام بەزەردەخەنەیەك لاواز دەبێت، بەڕوانینێكی بەسۆز، بەوشەیەكی جوان.

ئافرەت هەرچۆنێك بێت، و كۆمەڵگەكەی هەرچۆنێك وەسفی بكات، ئەگەر ئافرەت ئەو سێ شتە ببینێتەوە هەموو دنیاو ئەوەی تیایدایە دەیدات لەپێناویدا.

ئافرەت لەو چوارچێوەیە بەهێزترە كەكۆمەڵگا گەمارۆی دەدات پێی.

لەجوانی بەهێزترە، لەبەرئەوەی جوانی دەبەخشێت.



Scanned with CamScanner

لەبەزەیی بەهێزترە، چونکە خۆی بەزەییە.
لەوزە بەهێزترە، ئەو خۆی وزەیە.
کەواتە بەسۆزبن لەگەڵ کریستاڵەکان.. بەسۆزبن، خۆشەویست بەوشێوەیە وەسفی کردووە، کەواتە چۆن تۆ بەشتێك وەسفی دەکەیت کەشایستەی نییە.

إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ

نوێژ لەوکاتەدا نییە کەبەتاڵ بیت،

نوێژ لەکاتی سەرگەرمیدایە،

خەڵکی لەکاتە بەتاڵەکانیدا نوێژەکەی دەکات

Scanned with CamScanner



# دانایی

رۆژێـك لـەڕۆژان، كاتێك بەلاوازیان دەزانیین، دواتر كەنێمەیان ناسی بۆیان دەركەوت كێ لاوازە.

لاوازیت هێزت بۆ دەهێنێت.

هێز، هێزی جەستەیی نییە، بەڵكو هێزی عەقڵە

خودای بەبەزەیی فەرموویەتی:

«ومن اوتي الحكمة فقد اوتي خيرا كثيرا»

# تامی ژیان

باوك ئەو بەشەیە کەنووسەرو شاعیرو گۆرانییەکان ستەمیان لێ کردووە.

بەڵام راستییەکە ئەوەیە، باوك وەك پەیکەری ماڵو ئەو بناغەیەیە کەتەواوی ئەندامانی خێزان پشتی پێ دەبەستن.

باوك هێزو متمانە دەبەخشێت بەتایبەتیش بەکچ.

زۆرن ئەو کچانەی رەفتارێکی ناشایستە دەنوێنن، نەك لەبەرئەوەی دەیانەوێت ئەوە بکەن، چونکە کچ لەگەورەیی دروستبووە، بەڵام هاوکات لەسۆزیش دروستکراوە، کەئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کەباوکی متمانەی پێویستی پێنەبەخشیوە، بۆیە بۆ کەسێك دەگەڕێت کەمتمانەو سۆزی زیاتری پێ ببەخشێتو بەمەش دەکەوێتە هەڵەوە.

پێگەی باوك وەکو پێگەی نوێژ وایە لەئایینداو کۆڵەکەی پەروەردەیە.



Scanned with CamScanner



# شارەزایی

کاتێك پێدەگەیت، کاریگەریت دەبێت لەسەر خۆتو خەڵکانی دیکە، و گوێ بەڕەخنەکانی خەڵکی نادەیت، بەهۆی ئەوەی وزەی ناوەکیو پێگەیشتوویت ڕێگای ئەوەت پێ نادات.



## سەردەمەکەمان عەیبباردەکەین‌و
## عەیبەکە لەخۆماندایە

لەسەردەمی ئێمەدا هەموو شتەکان ڕێکوپێک‌و رازاوەیە، جگە لەڕۆحەکانمان کەپەرشوبڵاوە، خۆزگە بەرلە پەرشوبڵاوبوونەوەی ئێمە، سەردەم پەرش‌و بڵاو ببوایەتەوە.



Scanned with CamScanner

# پەنجەرەی رۆح

دان بەوەدا دەنێم کەزۆر گـۆڕاوم، بەڵام پەنجەرەیەك لەڕۆحمدا هەیە کەناگۆڕێت. هەریەك لەئێمە دنیا هەرچۆنێکی بەسەربهێنێت هەر دەبێت پەنجەرەیەکی هەبێت کەلێوەی ئاسایش و ئاشتیی ناوخۆیی پێ بدات.

بەدوای پەنجەرە تایبەتەکەی خۆتدا بگەڕێ، و خۆت لەدنیای گاڵتەو گەپ دەرباز بکە، ژیانی دنیاش هیچ نییە جگە لەخۆشییەك کەهۆکاری لەخۆباییبوونە.

## شەرمکردن لەخۆوە

شەرم مەکە تۆ کامڵ نیت، کێ لەئێمە کامڵە؟ وردەکاری بکە لەشتەکانتو نیعمەتەکانی خـودا بەسەرتەوە، کەژمارەیان بەجۆرێکە بەسەر خەمەکانتدا زاڵ دەبن، لەیادت بێت کەخودا ئەگەر پاش ماوەیەکیش بێت لەبیرت ناکات. خۆت مەخزێنە گۆشەیەکەوە ئەگەر لەو گۆشەیەدا شکستت هێناوە، هەریەك لەئێمە گۆشەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کەدەتوانێت سەیری بکاتو شانازی بکات.

ڕەزامەند بە، بۆئەوەی خودای بەبەزەییش لێت رازی بێت.



# سەرکەوتن

تەنها سەیری ئەوانە بکە کەئارەزوویان هەیەو سەرکەوتوون، لەداهاتوودا بەشێوازو ڕۆشنبیرییان وزەی سەرکەوتنت پێدەبەخشن، ئەوانەش جێبهێڵە کەلەسەر زەوی دەخوێنن، ئەوانە ناتوانن لەتۆ تێبگەن.

# تەنها هەلێك

بەکەس رازی مەبە بەوە نەبێت کەتۆ وەك هەلێك دەبینێت، کەتەنها یەك جار لەگەردووندا روودەدات، جا هەرچەندە کێشەو گرفتیشت هەبێت.

# چاکەکار بە

کاتێك چاکە دەکەیت لەگەڵ خەڵك، لەڕاستیدا لەگەڵ خۆتی دەکەیت، لەبەرئەوەی ویژدانت رزگار دەکات کەواقی وڕماوە لەنێوان چاکەکردن و نەکردنیدا.
چاکەکار بە.



Scanned with CamScanner

# بەڵاو پاداشت

هەموو ئەو بەڵایانەی لەدنیادا هەن،
لەداهاتوودا دەگۆڕێن بۆ دڵخۆشیو بەختەوەری، بەوەی خودا لەبەرامبەر ئارامگرتنت، پاداشتت دەداتەوە.
دواتر پێتان دەوترێت: (سَلاَمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ).
ئایا ئەمە چەند هێندە قەرەبووی بەڵاكانت بۆ ناكاتەوە؟



Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

## دنیای لەناوچوون

لەدنیا رادەکەین بەرەو خۆمان، تاکو دنیای تێدا بدۆزینەوە، چەندە سەیرە کەمرۆڤ حەزی لەدنیا بێتو دنیاش هی ئەو نەبێت، بەلاّم بۆ سەیرە پێشتر داناى داناکان پێشەوا عەلی (خودا لێی رازی بێت) فەرموویەتی: کار بۆ دنیات بکە وەك ئەوەی تاهەتایە بژییت، کار بۆ قیامەتیشت بکە وەك ئەوەی سبەینێ بمریت.

هاوڕێم دنیا هیچ نییە، جگە لەماڵی تێپەڕین، کەپیایدا دەڕۆینو شوێنەوارمان جێدەمێنێت.

# ساتی خەفەت

رقت لەساتەکانی خەفەتت، تێکشکانت، ئازارت، شکستت نەبێت.

ئەو ساتانەن تۆ دەکەنە کەسێکی رۆشنبیر، تێگەیشتوو، بەهێز.

ئەگەر بەبەختەوەری بژییت لەژیانتدا، لەهیچ ساتێکدا هیچ شتێك ناتشکێنێتو ئەمە پێی ناوترێت ژیان، و ناژێیتە ناوییەوەو تێناگەیت لەقولاییو تاقیکردنەوەکانی ژیان، هەمیشە لەیادت بێت ئەمە تاقیکردنەوەیەو بەهەشت نییە، کەواتە خەم مەخۆ.

خودای بەبەزەیی فەرموویەتی:»فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا » دوو جار سوێندی خواردووە.

منیش سوێند بۆ ژیان دەخۆم کەناتوانێت تێکمبشکێنێت، لەبەرئەوەی خودای خاوەنی عەرش لەسەرمەوەیە.

# نوێژ

سەرم سوڕماوە لەکەسێك کەواز لەدیداری لەگەڵ خودا دەهێنێت!

لەم دنیایەدا هیچ هیوایەك هەیە لەنوێژ باشتر بێت؟

تەنانەت ئەگەر نوێژەکەشت تەواو نەبێت، یان ماوەیەك بیکەیت‌و ماوەیەك نەیکەیت، بەڵام دەست لەدیدارت لەگەڵ خودا هەڵمەگرە، و مەبە بەو کەسانەی لەبارەیانەوە فەرموویەتی (نسیا منسیا).

خـودایـە کـارێـك بکە خۆشەویستیی خـۆت لەهەر خۆشەویستییەکی دیکە نزیکتر بێت لەدڵەکانمانەوە.



Scanned with CamScanner



# بەردێك

Scanned with CamScanner



# دایکم

کاتێك دایکت نایەت لەگەڵت بۆئەوەی بڕوانامەکەت وەربگریت، یان مۆڵەتت بۆ وەربگرێت، ئەوە هاوڕێم بزانە کەگەورە بوویت.

چیتر منداڵە نازدارەکەی دایە نیت، ئەمەیە دنیای ئێمە، هیچ شتێك وەکو خۆی نامێنێتەوە.

ماڵئاوا لەدنیا ئەگەر دایکمی تێدا نەبێت.

# خەڵەتاو

بۆ ئەو هاوڕێیەی هێشتا بیری دەکــەم، ئەگەرچی خەڵەتاوە،

هاوڕێم دەزانیت چەندە ئاواتەخواز بووم بەدرێژایی تەمەن لەگەڵم بمێنیتەوە؟

پێموابوو بەیەکەوە پیر دەبین،

بەڵام ئەمە دنیایە، بەردەوام بەوشێوەیە پێمان نادات کەخۆمان دەمانەوێت،

بەڵام شتێك دەزانیت؟ تۆ منت نەخەڵەتاند، بەڵکو خۆشەویستیی خوێندنەوەو نووسینت لەدەروونمدا خەبەرکردەوە، هەر لەوکاتەوە کەتۆ منت پێ خەڵەتاند.

کەواتە سوپاس بۆ خەڵەتاندنەکەت ئەی ئەو هاوڕێیەی هێشتا بیری دەکەم.

دڵی وەفادار لەبیری ناکات، بمرێت ئەو دڵەی ئازاردەرە.




Scanned with CamScanner



# ڕێزلەخۆگرتن

کاتێك ڕێز لەخۆت دەگریت و باوەڕت بەخۆت هەیە، هەمووانیش ڕێزت لێ دەگرن و باوەڕیان پێت دەبێت، سەرەتا لەخۆتەوە دەستپێبکە.

# هێز

چۆن لەبەردەمی مندا خۆڕاگر دیاریت،
لەناویشەوە روخاویت... چەند جوانە ئەو جەستەیەی وزە
پەخش دەکاتەوە لەکاتێکدا شەکەتە، بەڵام کەمێك مۆڵەت
بەخۆت بدە، بۆئەوەی لەناوەوە پارچە پاچە نەبیت.

# هەنگوین

هــەر مرۆڤێك پێویستی بــەوەیــە خــۆی بچوێنێت بەهەنگوینێکی دەگمەن،
بۆئەوەی بوونی خۆی بەکەم نەزانێت،
کەواتە وەکو هەنگوین بە، بۆئەوەی لەدواییدا خەم لەخۆت نەخۆیت.



# هاوسەنگی

بۆئەوەی پارێزگاری لەژیانت بکەیت، پێویستە لەهەموو شتێکدا هاوسەنگیت بپارێزیت.

هاوسەنگی وشەیەك نییە تەنها بوترێت، بەڵکو کردارێکە کەدەیخەیتە ناو ژیانی ڕۆژانەتەوە، ئەگەر مرۆڤ واتای ئەو وشەیەی بزانیایەو بۆی بگەڕایە، دەیبینی کەخودای باڵادەست لەپێناوی ئەو وشەیەدا دروستی کردووە.

سەیرکە،

کێ وەکو ئێمەیە، لەسادەترین بەشەکانی ژیانماندا بەدوای بەختەوەریدا ناگەڕێین.

بۆ نموونە،



Scanned with CamScanner



کاتێك خۆشەویستیت پێدەدرێت تۆش خۆشەویستی بەخشە، کاتێکیش ماڵو سامانت پێدەدرێت رۆزیدەرت لەیادبێت، لەگەڵ چەندین نموونەی دیکە لەسەر ئاستی ژیان.

ئەگەر ئـەوە نەکەیت بێ رۆزی، بێ خۆشەویستی، بێ بەخشین دەمێنیتەوەو سەرجەم مرۆڤایەتی لێت دوورەکەوێتەوە.

خودایە داوای هاوسەنگیت لێدەکەم لەئاینو لەدنیامدا.

# گەردوون بەبێ مێینە

کاتێك باسی مێینە دەکـەم، ئەم وتەیەی شاعیرم بیردەکەوێتەوە:

ژنان دەردن‌و دەرمانیش هەر خۆیانن..

خۆشی لەژیاندا نییە بەبێ ئەوان‌و بەلا هەر ئەوانن..

ئەو وەسفەی ئافرەت چەندە جوانە، هەمووان گلەییان لەئافرەت هەیە، لەهەر پێگەیەگدا، بۆ نموونە، پێگەی لەدڵدایەو سەنتەری ئەوە، بەڵام هەمووان سکاڵای لەدەست دەکەن، تەنانەت ئێمەی ئافرەتان خۆشمان سکاڵا لەخۆمان دەکەین.

بەڵام کاتێك ئەو رۆڵە گەورەیەمان بەبیردێتەوە لەناو

کۆمەڵگادا (دایکایەتی) هەموومان بەڕێزو شکۆوە بۆ ئەو رۆڵە دەوەستین، ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە رۆژێک بەبێ ئەو ئافرەتەو ئەو بەهاو بنەمایانە بژییت کەبەدرێژایی سەردەمەکان تیاماندا چاندوویانە. کاتێک دایک یادی هەرکەسێك دەخەیتەوە، چاوەکانی فرمێسك دەڕێژن و ئەو پشتیوانە مەزنەی بیردەکەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر نەیبینیبێت، یان گەڕابێتەوە بۆلای پەروەردگار.

دەچینە لای رۆڵێکی دیکەی ئافرەت، ئەم رۆڵەش گەورەترین بەشی سکاڵاکانی ئاراستەدەکرێت، کەئەویش رۆڵـی (هـاوسـەر)ە، زۆریـنـەی پیاوان سکاڵاو گلەییان لەهاوسەرەکانیان هەیە بەڵام،

رۆژێـك لـەڕۆژان لەخۆت پرسیوە کێ هاوسەنگیی سـۆزداری و خێزانیی بەتۆ بەخشیوە لەژیانتدا؟ بێگومان دەبێت ئەوەی بەهەند وەربگریت.

کاتێك رەبەن بوویت، بێگومان ئـازادی و ئاسودەییت هەبووە، ئەوە راستە، بەڵام هاوسەنگیت نەبووە، ئایا تۆ لەگەڵ ئەوەیت ئازاد بیت یان هاوسەنگ بیت؟

بەهیوام بیر لەپرسیارەکەم بکەیتەوە...

ڕۆڵێکی تر بریتییە لە (خوشک)، ئەمەش بەشە پێکەنیناوییەکەی ژیانتە، جارێك دەتەوێت بەهۆی هەراسانکردن و دەستێوەردان و توڕەکردنەکانییەوە ڕزگارت ببێت لێی، جارێکیش دەتەوێت هاوسەرگیری بکات و پێی دڵخۆش بیت، لەنێوان دوو کەوانەدا (لەکۆڵت ببێتەوە).

بەڵام لەکاتی ڕۆیشتنی بۆ ئەو ماڵەی کەبەبۆچوونی تۆ تیایدا تاقیدەکرێتەوە، لێرەدا پرسیارێك دێت ئاراوە، کاتێك تامەزرۆی ئەم ئاژاوەگێڕییە بچکۆلانەیەیت، و کاتێکیش مێردەکەی توڕەی دەکات دەگۆڕێیت بۆ دڕندەیەك و دەتەوێت پەلاماری بدەیت، دەزانی بۆچی؟ ئەوە دڵتە ئەی پیاو کە بیری هاوبەشی منداڵیت و توڕەکردنەکانی دەکات.

تۆش ئەی ئافرەت، لەدوای هەموو ئەو ڕۆڵە مەزنانەی باسم کرد، ئایا هێشتا سەرسام نیت بەدۆخی خۆت؟

هەمیشە لەبیرت بێت ژیان تۆیت.

ئێستاش پرسیاری من بۆ پیاوان:

ئایا ئاوات دەخوازیت، یان بیر لەوە دەکەیتەوە کەژیانت ڕۆژێك لەڕۆژان مێینەی تێدا نەبووایە؟

# رۆژە رۆتینییەکان

هیچمان حەزمان بەو رۆژان نییە، لەبەرئەوەی بێزارکەرو قورسن‌و رووبەڕووی کێشەی زۆرمان دەکەنەوە، بەڵام ئایا رۆژێك لەخۆت پرسیوە کەهەموو ئەو شتانەی لەژیانتدا بەدەستت هێناون بەهۆی ئەو رۆژە بێزارکەرانەوە بووە؟ من وەك خۆم لەو رۆژانەوە زۆر شتم بەدەستهێناوە، لەورێگایەوە چوومە کۆلێژی پزیشکی ددان، لێرەوە ئەو نارەحەتییە دەستیپێکرد کەپێموابوو حەوانەوەیە، چەندین رۆژی دیکەی رۆتینی دەستیانپێکرد، خودایە چی بکەم؟ ئایا دوای ئەوەی بەدەستمهێناوە خۆم بدەم بەدەستەوە؟

نەخێر، ئەو رۆژە بێزارکەرە جوانانەم تەواوکرد، تا ئەوکاتەی گەیشتمە ئەوەی زۆرم نەمابوو بۆ تەواوکردنی ئەو رۆژانە، هەموو ئەو شتانە بەتێڕوانینی خۆم لەو رۆژە رۆتینییە

بێزارکەرانەوە بەدەستمانهێنان، ئایا ئێستا زۆرت ئەو ڕۆژانەی
کەئامانجەکانت دێننەدی، و هەرچەندە ئارام لەسەر ئەو
ڕۆژانە بگریت دەبینیت کەسەرکەوتن لەبەرچاوتدا لەشەقەی
باڵا دەدات و تەنها پێویستت بە (ئارامگرتن) هەیە.

ڕۆژانی خەم و دڵخۆشی دەستکەوتت بۆ ناهێنێت، بەڵام
فێری ژیان و وردەکارییەکانیت دەکات، کەواتە رقت لەهیچ
ڕۆژێکی ژیانت نەبێت و لەبیرت بێت کەهەموو ڕۆژەکانمان
نیعمەتێکن لەلایەن دروستکەری مەزنەوە.

# باپیرم

زۆرکـەس باس لەکەسێتیی باپیرم دەکـەن، کەبەلای منەوە سـەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵی نەژیاوم، بـەڵام کەسێتییەکی مـەزن و دانـا، عاقڵ بـووە. کاتێك تەماشات دەکرد پێشکەوتن و دانابیت تێدا بەدیدەکرد، لەگەڵ ئەوەی کەسێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئەو دانابییەی لەئەزموونەکانی ژیانەوە بەدەستیهێنابوو و ئەو دانابییەی خودا پێی بەخشیبوو کردبوویە ئەو کەسە خۆبەکەمگر گەورە و ئاساییە، چونکە هەرکەس لەبەر خودا خۆبەکەمگر بێت خودا بەرزی دەکاتەوە.

بەکورتی بەوشێوەیە بوو، ئەو پیاوە سەیر بوو، بۆچی خەڵکی بەوشێوەیە خۆشیاندەویست، بۆچی سەرەڕای ئەوەی

زیاترله ده ساڵه کۆچی دوایی کردووه، بەڵام لەهەر شوێنێك ناوی بهێنرێت خەندە دەکەوێتە سەر لێوی ئامادەبووان و لەچاوی خەڵکیدا دڵخۆشی بەدیدەکەیت. ئەو پیاوە چی کردبوو تاکو خـودا بەوشێوەیەی لێبکات؟ لەبارەیەوە دەگێڕنەوە کەبێشومار ماڵی بەخشیوە بەخەڵکی و هەرگیز بەخشینی کەمی نەکردووەو خوداش ئەو پێگەیەی کردبووە بەشی.

قسەی من بەتێڕوانینی منداڵێکە کەلەو پیاوە بەسۆزەی بینیوە، بەڵام بەوەرگێڕانێکی عەقڵی ئێستام، سا خودایە، ئەی خاوەنی هەموو موڵکەکان، بیخەرە بەهەشتە فراوانەکەی خۆتەوەو پلەی بگەیەنەرە پلەی پیاوچاکە نزیکەکانت، ئەی خاوەنی بەزەیی.



Scanned with CamScanner

# هێزت لەباوەڕەکەتدایە

هێز لەناخی خۆتدایە، تۆ دەتوانیت هەموو شتێك بکەیتو خوداش لەبەرئەوە تۆی دروستکردووە.

خۆت مەڕوخێنە، ئەو مرۆڤەی دەتوانێت سروشتو رەفتارەکانی خۆی بـەرەو باشتر بگۆڕێت خاوەنی هێزێکی لەڕاددەبەدەرە.

ئەو مرۆڤەی تەنها لەبەر رەزامەندیی خودا زاڵ دەبێت بەسەر هەستەکانیدا، خاوەنی هێزێکی لەڕاددەبەدەرە.

ئەو هێزەی لەناختدایە بەکەمی مەزانە، چونکە ئێمە بۆئەوە دروستنەکراوین لاواز بین، هێز لەباوەڕتەوە هەڵدەقوڵێت، بەشتێكو هێنانەدیی ئەو شتە.

تەنانەت خۆشەویستیی خوداش پێویستی بەهێزێك هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوە.

لەبەرئەوەیە پێغەمبەر (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) فەرموویەتی:

«بـاوەڕداری بەهێز باشترو خۆشەویستترە لەلای خودا لەباوەڕداری لاواز». خۆشەویستمان راستی فەرمووە.

# ئامانجەکەت

ئەگەر لەژیاندا بەدوای ئامانجەکەتدا نەگەڕێیت، ئەوا چێژی ژیانت نەکردووە، بەڵام کاتێك دەگەیت بەئامانجەکەت ئەوکات چێژی ژیان دەکەیت.



## سەرکەوتن

شێواز لەسەرکەوتووەکانەوە فێرببە، ئەوەیە گەیاندوونی بەسەرکەوتن، شێوازی تایبەتی خۆت جێبەجێ بکە، بەتێکەڵکردنی لەگەڵ شێوازی سەرکەوتووەکان، و بەمەش دەگەیت بەتێکەڵەیەکی تایبەت بەخۆت.

## سادەیی

بەسادەیی بژی،

دڵخۆش بە بەشتە سادەکانت، هەرچەند کەمیش بێت،

ڵام چاوت لەباشتر بێت،

ئەوکات چێژ لەڕەزامەندبوونی تەواوەتی دەبینیت.



# بڕیاردان

بڕیاردانی خێرا لەسەر کەسێك، خۆت ئازار دەدات،
ڕەنگە ئەگەر لێی تێبگەیشتیتایە سودت لێ دەبینی،
لەلایەنێك لەلایەنەکانی ژیانتدا، هەموو مرۆڤێك خودا
لایەنێکی جوانی پێبەخشیوە، و بەوە جیایکردووەتەوە،
مرۆڤی عاقڵ ئەوەیە کەلایەنە جوانەکانی هەموو مرۆڤەکان
کۆدەکاتەوەو دەیباتە نێو کەسێتیی خۆیەوە، بەمەش دەبێتە
مرۆڤێکی مەزن.



# پیاهەڵدانی خەڵکی

با پیاهەڵدانی خەڵکی زۆر لەخۆبابیت نەکات،
بەداماوی لەدەروونی خۆتدا بژی،
(ژیانی دنیا یاریو گاڵتەو جوانییرووکەشە)
ئەوەی دروستیکردووە بەمشێوەیە باسی کردووە، بۆیە
بالەخۆبابیت نەکاتو پەشیمان ببیتەوە.

# شەریعەتی پاشا

خودا لەدنیادا شەریعەتی بۆ ئێمە داناوە، نەك بۆئەوەی سنوردارمان بکات، بەڵکو بۆ پاراستنمانە لەمەترسیی دنیا، ئەگەر سنوردارکردن بوایە، خودا لەبەهەشتدا ئەو شتانەی حەڵاڵ نەدەکرد کەلەدنیادا حەرام کراون، لەبەهەشتدا تۆ لەژێر سەرپەرشتیو پارێزگاریی خودایتو هیچ شتێکی زیانبەخش یان لــەدەرەوەی فەرمانی خودا بوونی نییە، خودا تۆی خۆشدەوێتو لەبەرئەوەش بەشەریعەتەکەی پارێزگاریت لێ دەکات.



Scanned with CamScanner



هیچ خودایەکی لەمە باشتر هەیە؟ زۆرترین بەزەیی هەبێت و زۆرترین ئارامت لەسەر بگرێت و خەمت بڕەوێنێت و ناڕەحەتییەکانت لابەرێت؟ ئایا شیاوی ئەوە نییە بیپەرستین و گوێڕایەڵی بین؟

ئێمە شتێکی زۆر سادە پێشکەش دەکەین، و ئەویش زۆر دەبەخشێت، زۆر سەیرە بۆ کەسێك پەروەردگارێکی لەوشێوەیەی هەبێت و لەفەرمانی لابدات.

لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين



# گەنج

لەم قۆناغەی ژیاندا (گەنجێتی)، سەرجەم حەزەکانت تێدا کۆدەبێتەوە، هەوڵ دەدەیت هەموویان بهێنیتە دی، ئەوەش مەحاڵە، پێویستە یەك یەك جێبەجێیان بکەیت، ئەوەی پێویستە ئارامگریو وزەو وریاییە، دواتر یارمەتیت بۆ دێت نەك تەنها لەمرۆڤەوە، بەڵکو پەروەردگاری ئاسمانەکانو زەوی گەردوونت بۆ دەستەمۆ دەکات بۆئەوەی داهێنان بکەیت، لەپێناو ئەوەدا دروستکراویت، تەنها هەوڵ بدە.

# دڵی بەتاڵ

چەند جێی بەزەییە ئەو دڵەی بەتاڵە لەیادی خودا، دڵێکی ونبوو، سەرگەردان، سادەترین ئازاری ژیان ماندووی دەکات.
ئەوە دڵێکە کەبەتاڵە لەیادی دروستکەری بەزەیی، کاتێك کەسانێك دەبینین کەچەند شتێکی دنیایی بەدەستدەهێنن سەرسام دەبین بەکارەکانیان و ئاوات دەخوازین وەك ئەوان بووینایە، بەڵام لەوانەیە خودا پەیوەندییەکت پێببەخشێت کەبەهۆیەوە گیانت بژێتەوە، کەواتە ئارام بگرە لەسەرئەوەی بەتۆی بەخشیوەو شتی زیاترت پێدەبەخشێت.

دەزانـن یـادی خـودا چی شوێنەوارێك لەناو دڵدا بەجێدەهێڵێت؟ ئەو ئاشتییە ناوخۆییەت پێدەبەخشێت کەبیستوومانەو هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەین، ئەوە تەنها شتێکی سادەیەو کارێکی ئەوتۆی ناوێت جگە لەبزواندنی

# ئافرەتێك وەك شاخ

کاتێك سەیری چاوەکانی ئەو ئافرەتە دەکەم، ئارامگرتن و چاوەڕوانیی پاداشتی لای خودای تێدا دەبینم، ببینە ئەو ئافرەتە بە چی تاقیکراوەتەوەو هێشتاش ئارامگرە، لەکاتێکدا ئێمە بەبەشێکی ئەو بەڵایانەی ئەو تاقینەکراوینەتەوەو سکاڵامان لەهەموو شتێکیش هەیە، ئەو هاوسەرەکەی لەدەستداوەو سێ (یادگارییەکان) منداڵی بۆ بەجێماوە، کەپێویستیان بەچاودێریکردن و سەرپەرشتیکردن هەیە، و هیچ سەرچاوەیەکی دارایـیـان نییە، بەشێرپەنجە تاقیکراوەتەوە، سێ سەرچاوەی بەڵا تیایدا کۆبوونەتەوە، کە بریتییە لە بەرپرسیارێتی و نەخۆشی و نەبوونی سەرچاوەی دارایی.

ئەم ئافرەتە هەست بەچی دەکات؟ هەستەکانی چۆنن؟ ئایا کۆمەڵگا ڕێز لەهەستەکانی دەگـرن، یان بەچەندین هێندە فشار دەخەنە سەری کەهیچ کەسێك هەستیان پێ ناکات، جگە لەکەسێك کەوەکو ئەوی بەسەرهاتبێت، بەڵام



Scanned with CamScanner

بەڕاستی ئەو وەکو زنجیرە شاخێکە کەهێزی لەباوەڕەوە بەخوداوە وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەی خودا تاقیکردووەتەوە، بەڵام هێزی پێ بەخشیوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو ژیانە. ئەمەیە ئافرەتی راستەقینە کەپێویستە رێزی لێ بگیرێت. نەك ئەوەی خۆی دەخاتەڕوو بۆئەوەی سەرنج و چاوەکان ...نە سەری.

ئەمەیە ئافرەتی مەزنی عێراقی، خودایە بەزەییت بەدۆخی ...کانماندا بێتەوەو دەرگای چاکەیان بۆ بکەرەوە. دۆخەکەو ...رامگرتنیان درێژەی کێشا، ئارامگریی ئەوانمان پێ ببەخشە.

ئێستاش پرسیاری من بۆ ئێوە ئەوەیە: ئایا هێشتا پێتان وایە خەمە بچوکەکانتان نارەحەتی و بەڵان؟ من پێموایە خەمەکانی خۆم لەچاو ئەودا شتێکی زۆر بێمانان...

# شەیتانەکەت زاڵبووە بەسەرتدا

کاتێك نوێژ دوادەخەیت، یان کۆیدەکەیتەوە، ئەوە لێرەدا جارێك شەیتان زاڵبووە بەسەرتداو تۆش جاری دواتر زاڵ ببەرەوە بەسەریدا، و نوێژێکی ملکەچانە بۆ خودا بکەو لێی بترسەو داوای لێخۆشبوونی لێ بکە، لەوەی ئەنجامت داوە.

رێگا مەدە ئەوەی خودا بەدوژمنی خۆیو تۆ ناوی بردووە چەندین جار بەسەرتدا زاڵ ببێت.

خودا فەرموویەتی:

« إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ».

خودای مەزن راستی فەرمووە.

کەواتە لەحیزبەکەی ئەو مەبە، چونکە پەشیمان دەبیتەوە....



# پێشەنگ

Scanned with CamScanner

# یارمەتیدان

کاتێک یارمەتیی خەڵکی دەدەیــت، کەسانێک دەب
لەداهاتوودا یارمەتیت بدەن.

کاتێک هەست بـەئـازاری خەڵکی دەکەیت، هەمو
مرۆڤەکان هەست بەئازارت دەکەن بەفەرمانی پەروەردگاری
ئاسمان.

وتەی راست بڵێ، زەردەخەنەی راستگۆیانە بۆ هەموو خەڵکی بکە، دڵەکان بۆت نەرم دەبن، گەردوون بۆت دەستەمۆ دەبێت، پاکی بۆ ئەو خودایەی وادەکات خەڵکی هەست بەئازارەکانت بکەن بۆئەوەی لەو ئازارە دەرت بکەن وەک ئەوەی پاداشتێک بێت لەخوداوە بۆ کارەکانتو دەتوانێت گەردوون بەجۆرێک بسوڕێنێت لەگەڵ کارەکانت یەکانگیر بێتەوە.

# خۆبەزلزانی

**مرۆڤ بۆچی خۆی بەگەورە دەزانێت؟**

کاتێك مرۆڤ عەقڵی لەدەستدەدات خۆی بەگەورە دەزانـێـت، ئەگەر بیر بکاتەوە کەئەو خـودایـەی ئەوی بەرزکردووەتەوە دەتوانێت بیخاتە ناخی زەوییەوە بۆئەوەی پەند وەربگرێت، ئەگەر بیربکاتەوە لـەوەی ئەو دۆخەی ئەوی بەو شوێنە گەیاندووە خۆی دروستی نەکردووە، تاکو بەهۆیەوە خۆی بەگەورە بزانێت، بەڵکو هەمووی دەستکردی خودای مەزنە... لەناخی خۆتدا بەملکەچی بژی، گیانت بەرەو بەرزایی ئاسمان بەرزدەبێتەوەو لەگەڵ باڵندەکان دەژی، وەك باڵندەکان ئازاد دەبیت.



Scanned with CamScanner



# ئەرێنیبوون

کاتێك مرۆڤ بەئەرێنییەوە دەدوێت، واتای ئەوە نییە هیچ خەم‌و ناڕەحەتییەکی نییە، بەڵام ئەوە مرۆڤێکە کەلە واتای ژیان تێگەیشتووەو بەهای گەردیلەیەکی نییە، چونکە نامێنێتەوە، بەئەرێنییەوە بژی، خەم‌و ناڕەحەتییەکانت لەسەرت ئاسان دەبن.

- دنیا بۆ هیچ گیانلەبەرێك نامێنێت‌و هیچ گیانلەبەرێکیش لەدنیادا نامێنێتەوە.

«حەسەنی بەسری» رەحمەتی خودای لەسەربێت.



# پیاوی باش

کچم، ئەگەر پیاوێکی باشت دەوێت ئەوا خۆت باش بە،
کورتی ئەمە هاوکێشەکەیە.



## گەنج

گەنجانێك هەوڵی چاکەکردن دەدەن، گەنجانێکیش بەدوای دنیای بڕاوەوەن، جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە چییە؟

تەنها لەعەقڵیاندایە کەئەوان لەواتای ژیان تێگەیشتوون، بیربکەرەوە!



Scanned with CamScanner



# نموونەییەکان

بەجۆرێك سەیری خەڵكی مەكە پێتوابێت نموونەیین‌و خودا بەوانی بەخشیوەو بەتۆی نەبەخشیوە.

کاتێك بەو چاوەوە سەیردەكەیت، لەوانەیە دڵت بسوتێت‌و ببینیت هەرچییەك دەكەیت ناگەیتەوە بەئەوان، بۆ خۆت بژی‌و وامەزانە تەنها تۆ تاقیكراویتەوە.

چونکە خودا هەموو كەسێك تاقی دەكاتەوە بەشتێك، بۆئەوەی بەهێزی بكات‌و ئامادەی بكات بۆ ئەم ژیانە لەخۆباییە، تۆ خۆت بە، بۆئەوەی بەرزبیتەوە.



Scanned with CamScanner



## دوژمنت ئەوە نییە لەتۆ ناچێت

تۆ دەتوانیت، لەڕێیەوە کارامەیی‌و ڕۆشنبیری بەدەستبهێنیت، بەوەش دەتوانیت هەرچی لەعەقڵی ئەودایە وەریبگریت‌و بیخەیتە عەقڵی خۆتەوە.

ڕەگەزپەرست مەبە، بۆئەوەی بیناییت کوێر نەبێت.



Scanned with CamScanner

# مێینەی ئاستبەرز

مێینەیەکی ئاستبەرز بە، کەلەجیهانە تایبەتەکەی خۆیدا مەلە دەکات.

مێینەیەکی بیرفراوان‌و ڕۆشنبیر کەچێژ لەهەرکەسێك دەبینێت کەقسەی بۆ دەکات، مێینەیەکی بێنرخ مەبە کەتەنها بۆ ئەوە هاتووەتە دنیاوە شیرین بێت، کەسێك شیرینییەکەی ببات‌و دواتر لەبیری بکات.

مێینەیەك بە کەکاردەکاتە سەر دەروونەکان‌و لەداهاتوودا دڵ‌و دەروونەکان یادی بکەن.



# دنیا دایکە

لەچالاکیی خۆت بەماندووبوونی دایکت ببەخشە.
حەوانەوەی خۆت ببەخشە بۆ حەوانەوەی دایکت.
دنیات ببەخشە بۆ دایکتو حەسرەت بۆ هیچ مەخۆ،
چونکە ئەوەی دنیای تۆی دروستکردووە دایکتە.



Scanned with CamScanner

# ماندووبوون

کاتێك بەتۆ دەڵێم من ماندووم، ماندووبوون لەمێشکتدا دەچەسپێت.

کاتێك دەڵێیت ناتوانم، نەتوانین لەمێشکتدا ڕەگ دادەکوتێت.

تۆیت بڕیار لەسەر خۆت دەدەیت، ڕێگا مەدە بیرکردنەوەکان بڕیارت لەسەر بدەن.

تۆ مرۆڤیت.



# خوێندکاری پزیشکی

کاتێك خوێندکاری پزیشکی بوویت،
ئەوەیە دە سەعاتی بەردەوام بخوێنیتەوە، ئەوەیە شەوی تاقیکردنەوە تا بەیانی نەخەویت، ئەوەیە تۆ کتێبەکە دەخوێنیتەوە، بەڵام ئەگەر بۆ ساتێك ماندوو بوویت لەوانەیە لەو تاقیکردنەوەیەدا دەرنەچیت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێك لەناخماندا هەیە وادەکات ئارام لەسەر ئەوانە بگرین و وزەو ئارامیمان پێدەبەخشێت، وەك ئەوەی یارمەتییەك بێت لەپەروەردگاری ئاسمانەوە بۆ ماندووبوونەکەت.

دادگەریی خودا دادەبەزێت، تەنانەت ئەگەر سەرکەوتوو



Scanned with CamScanner

نەبیت، بەڵام خودا ڕێز لەماندووبوونەکەت دەگرێت و

دواتر دڵخۆش دەبیت و ئەوەی دەتەوێت بەدەستی

دەهێنیت. هەندێجار ماندووبوونێك کەپێشکەشی

دەکەیت دڵخۆشبوونێکی لەگەڵدایە، پێزانینێکی لەگەڵدایە،

پاداشتێکی هەیە، بۆیە بێهیوا مەبە.

(وَلاَ تَيْأَسُوا مِن رَّوْحِ اللَّهِ ۖ إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللَّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ)

خودای بەبەزەیی راستی فەرمووە

# تاوانبار

کاتێك دەزانیت تۆ تاوانبارو کەمتەرخەمیت بەرامبەر خودا، چی دەکەیت؟ ئایا لەبەردەرگایدا دەگریتو داوای لێخۆشبوونی دەکەیت؟

پــەروەردگــارم، دۆخم زۆر ناهەموارەو دەمەوێت لێم رازی بیت، من تاوانباری لادەرمو تۆش بەبەزەییت، لەو جیهانە تەنگەی هەناسە توند دەکات بمبە بۆ فراوانیی خۆت، لێخۆشبوونت، سایەو سێبەرت، پەروەردگار داوای لێخۆشبوونت لێدەکەم لەهەر روانینێکی قەدەغەکراو، لەهەر بێفەرمانییەك کەدەیکەینو دەزانین بێفەرمانیمان کردووە، بەڵام چاومان لەبەزەییو لێخۆشبوونی تۆیە، تۆ دەتوانیت ئەوە بکەیتو ئێمەش لاوازین بەرامبەر تۆ.

# مرۆڤ منداڵەو دنیاش يارييە

مرۆڤ بەمنداڵی لەدایك دەبێت‌و بەمنداڵی پیردەبێت‌و
و نێواندەشدا یاری دەکات.

# چاوتێبرینی نزم

ناشیرینترین شت کەئافرەت بەرامبەر خۆی بیکات ئەوەیە خۆی بفرۆشێت بەچاوتێبڕینە نزمەکان، بەچاوتێبڕینە بێنرخەکان، لەلایەن کەسانێکەوە کەلەبنەڕەتەوە شایستەی ئەو بینینانە نین.

ئەی مێینە وا بەخۆت مەکە! بۆ ئەوە دروست نەکراویت، بەڵام لەلایەن پەروەردگارتەوە بەڕێزلێگیراو دروستکراویت.

لەسەر حسابی شکۆو بوون و کەسێتیت چێژ وەرمەگرە، تۆ ئەو بوونەوەرەیت کەخودا دروستیکردووە بۆئەوەی گەردوون بەدەوریدا بسوڕێتەوە، لەو کەسانە مەبە کەخۆیان فرۆشتووەو هەموو شتێکیان لەدەستداوە.

لەیادیشت بێت کەهەموو ئاینەکان دابەزیون لەپێناو ڕێزو شکۆی تۆدا، بۆیە شکۆی خۆت مەفرۆشە بەشتێك کەکەمترە لەوەی لەپێناویدا دروستکراویت.

ئازاد بە.



# هەست

ئەوکەسەی دەڵێت هەرکەس هەستی نەبوو ناتوانێت بیبەخشێت درۆ دەکات!

بەڵکو ئەوەی هەستی لەدەستداوە دەتوانێت بیبەخشێت، ئەو تامی نەکردووە، بەڵام نرخەکەی دەزانێت.

Scanned with CamScanner

# بانگەوازی ڕۆح

لەهەر ساتێك و لەهەموو کاتێکی ژیانتدا دەتوانیت بەرەو باشتر خۆت بگۆڕیت، ئەوەی بەتۆ دەڵێت ناتوانیت سەیری مەکە، شتێك بکە ئەگەر لەم تەمەنەدا نەبێت، ئەوا لەهەر ساتێکی ژیانتدا تاکو مردنت دەتوانیت خاوەنی ئارەزوو بیت و سەرکەوتوو و دڵسۆزبیت بۆ ئاین و دنیاکەت، گوێ لەبانگەوازی ڕۆح بگرە نەك لەقسەی خەڵکی.

# قورئان

حەوانەوە لەم جیهانەدا دروستنەکراوە، بەڵکو بۆ دواڕۆژ دروستکراوە، بەڵام ئەو تاکە حەوانەوەیەی لەدنیادا دەیدۆزیتەوەو شیرینییەکەی لەدڵدا هەستپێدەکەیت، بریتییە لە قورئان.

بیخوێنە، واتاکەی بخوێنەرەوە، بیکەرە بەشێك لەڕۆژەکانت.

«خودایە قورئان بکەرە بەهاری دڵەکانمان»



# خودا بارودۆخەکان دەگۆڕێت

مەڵێ خودا بارودۆخی من ناگۆڕێت‌و بەختم نیەو گومانی خراپ بەخودا ببەیت، هەوڵبدە متمانەت بەخودا لەهەموو شتێك زیاتر بێت، ئەوە بیلالی گەورەمان (خودا لێی رازی بێت) لەخزمەتکارێکی خەڵکییەوە بوو بەگەورەمان‌و خۆشەویستی موحەمەدو بەرزترین دەنگی ناو بەهەشت.

«خودایە ئەی گۆڕەری بارودۆخەکان، بارودۆخم بەشێوەیەك بگۆڕە کەخۆت پێت خۆشەو پێی رازیت».



## خۆت لەپێشتریت

ئەو ڕۆژەی خۆم لێ ون بوو بەڵێنم دا کەجارێکی تر ونی نەکەمەوە.

# متمانەبوون تەنها بەخودا

بیانو بۆ خەڵك مەهێنەرەوە

متمانەت تەنها بەخۆت هەبێت

هەوڵ مەدە کەسێتییەك نیشان بدەیت بەدەر لەکەسێتیی خۆت بۆ رازیکردنی مـرۆڤ، چونکە ئـەوەی گرنگە مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەوە خودایە کەشارەزاترە لەخۆمان بەئێمەو مەبەستمانو بەوەی دڵەکانمان خۆش دەکاتو دەیژێنێتەوە، ئەمە بەڵێنی خۆیەتی.

خودای باڵادەست فەرموویەتی:

«ربكم اعلم بما في نفوسكم وهو اعلم بالمهتدين».

خودای بەبەزەیی راستی فەرمووە

ئایا ئەمە بەس نییە بۆ ئاسوودەیی دڵت؟



# ڕۆحەکان بەیەك دەگەنەوە، بەڵام جەستەکان نا

لەخراپییەکانی دڵ ئەوەیە عاشق دەبێت، بەڵام ناتوانێت ئاشکرای بکات، کەسێك هەیە کە لەگیانت نزیکترە کەلەناو جەستەتدایە، بەڵام سودی چییە ئەگەر نەتوانیت باسی بکەیت؟!

## تاریکی لەناوەندی جوانیدا

هەریەک لەئێمە لایەنی تاریک و جوانمان هەیە، بەڵام مامەڵەی تۆ وادەکات رووە تاریکەکەمان لەتۆ بێت یان جوانییەکە؟

هەرچۆنێک مامەڵە بکەیت بەوشێوەیە مامەڵەت لەگەڵ دەکرێتەوە.



Scanned with CamScanner

# بەهێزی لاوازی دەم بەخەندە

من هەستەکانم پەرێشانن

من شتەکان تێکەڵ دەکەم

من خۆشەویستم

من مامەڵە دەکەم

من ماندووم

من بەهێزم

من مرۆڤم

ئەی مرۆڤ، تۆ چەندە پێویستت بەهاوسەنگکردنی خۆت هەیە!

تۆ لاوازی بەهێزیت

تۆ خۆشەویستی ماندوویت

من عێراقیم...



Scanned with CamScanner

# گیانی پاکیزەیی

پاکیزەیی پاکیزەیی پۆشاک نییە

کیزەیی پاکیزەیی دڵە، پاکیزەیی ئەندامەکانی لەشە

کیزەیی مامەڵەکردنی دڵسۆزانەیە

کیزەیی هاوتای بێگەردیی ڕۆحە

بەڕەوشتت پاکیزە بە بەرلە پۆشاک

پۆشاک تەواوکەرێکی جوانە بۆ پاراستنی پاکیزەییت.



# قورئان

کاتێك دنیا ماندووت دەکـات‌و کۆڵی قورس دەدات بەشانتدا،

دڵـدانـەوەت لـەخـودای بەبەزەییەوە وەربـگـرە، **واتا** لەقورئانەوە.

خودایە قورئان بکەرە بەهاری دڵەکانمان



## شانازیکەر بە

ئەمڕۆ کەسێك دروستدەکەم کەلەداهاتوودا کاتێك بینیت، شانازیی پێوە بکەیت.

## لەعێراقمان جوانتر هەیە ئەی عێراقی؟

رۆژێك بێهیوا مەبە، ئەمڕۆ منی عێراقی ئەمڕۆ لێرەم

من تامی جەنگەکانم چەشتووە کاتێك منداڵ بووم، من عێراقیم

ئەوە منم کەخوێنی براکەم بینی، من عێراقیم

ئەوە منم کە کەسە نزیکەکەی بینی زیندانیکرابوو، من عێراقیم

ئەوە منم کەمنداڵانی وڵاتەکەم بینی تەرم بوون، هەتیو بوون، بریندار بوون، من عێراقیم

ئەوە من ئەو منداڵەم کەبینیی خەونەکانی وێران دەکرێن، من عێراقیم

لەگەڵ ئەوەشدا من ئاشتیم، من خۆشەویستیم، من جوامێریم، من مرۆڤدۆستیم، من عێراقیم

بێهیوا مەبە من عێراقیم و خوداش عێرافقییەکان دەبینێت

«خودایە من عێراقەکەم بەتۆ دەسپێرم ئەی ئەوەی سپاردەکان زایە ناکەیت».



# قەدەر لەخوداوەیەو هەوڵدانیش لەتۆوە

پێشترو ئێستاش پاڵپشتی بەهێزترین دەروونیی خۆم بووم، ئەمەش هێز لەناخمدا دروستدەکات.

خۆت بکە بەتۆپەڵێك لەوزە، تەنانەت ئەگەر یەك گەردیلە وزەشت لەلا نەبێت.

گوێ لەقسەی بێهیواو رووخاوەکان مەگرە، ئەگەر بەشوێن قسەکانیاندا بچیت دەبینیت ئەو قسانەیە کەئەوانی بەو ئاستە نەرێنییە گەیاندووە، هەریەك لەئێمە لەدنیادا چارەنووسێکی خۆی هەیەو کەس ناتوانێت چارەنووسی تۆ بگۆڕێت خودا نەبێت، پاشان هەوڵدانت لەژیاندا، چەندە هەوڵ بدەیت رەزامەندبوونت زیاتر دەبێت.



# بارودۆخ

ئەگەر لەدنیایەکدا بین کەبارودۆخ لەئەستەمیدا بەردەوام بێت، ئیتر بۆچی خەم بۆ بارودۆخ بخۆین.

# گیانی دنیا

ئێمە لەکۆمەڵگەیەکداین کەئافرەت مافی ئەوەی نییە بۆچوونو هەستەکانی خۆی دەربڕێت، لەترسی ئەوەی بەنەبوونی ئـەدەب تۆمەتبار بکرێت، لەکۆمەڵگەیەکدا کەپێکەنینی ئافرەت لەڕێگاکاندا بەعەیبە دابنێت، لەکاتێکدا ئەوە هەستێکی خۆنەویستەو ئەویش مرۆڤێکە کەمافی ئەوەی هەیە ئەوەی لەناخیدایە دەریببڕێت، لەکۆمەڵگایەکدا کەئافرەت بەلایەوە عەورەتە.

بەڵام ئەگەر سەیری ئیسلام بکەیت، ئافرەتی کردووە بەشـاژن، کەبەشداریی جەنگەکانو بـازاڕەکـانو کار دەکاتو لەهەر بوارێکدا بێت بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت، پێغەمبەرەکەتان بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتان



دەکرد ئەی پیاوانی ئومەتی موحەمەد (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت)، ئەگەر ئەمە کارێکی نامۆ بوایە خۆشەویست ئەو کارەی نەدەکرد.

ئافرەت گیانی دنیایە، دنیا بەبێ ئەو خۆشییەکەی لەدەستدەدات، بۆیە مەترسن و بۆچوونەکانی خۆتان بخەنە ڕوو، بۆ ئەوە دروستکراون.



Scanned with CamScanner

دایك لەسەرتان کەحەوتیت و سەیری ئاسمانت لەکردو

دایـكو باوکیش لەتەنیشتتەوە بـوون، هەستت دەکرد

لەئاسایشو حەوانەوەدایت، چونکە ئەوەی لەئاسمان تۆ

دەبینێت خودایەو ئـەوەی لەزەویش دەتبینێت دایكو

باوکتن، لێرەدا تۆ پێویستت بەژوورو دیوارەکانی نییە، خودایە

دایكو باوکم بپارێزەو بیانخەرە بەهەشتی فراوانی خۆتەوە

لەتەندروستیو بارودۆخیاندا تووشی ئازاریان مەکە، ئەی

بەبەزەییترین بەبەزەییەکان- خودایە بەهەشت

Scanned with CamScanner



# متمانەی دنیا

نیوەی جوانی متمانەیە
نیوەی خۆشەویستی متمانەیە بەدەوروبەرت
نیوەی سەرکەوتن متمانەبوونە بە خودا
نیوەی بەخشین متمانەبوونە بە خۆت
نیوەی ژیان هێزە
دواجار نیوەی دڵت هەموو ئەم شتانەیە



Scanned with CamScanner

# پەروەردگاری عەرشی مەزن

خودا فەرموویەتی:

«الرحمن على العرش استوى له مافي السموات وما في الارض وما بينهما وما تحت الثرى وان تجهر بالقول فانه يعلم السر واخفى».

ئەگەر خودا ئاگاداری نهێنیو ئاشکراکانت بێت ئاگاداری ئێستاو داهاتووت بێت.. ئاگای لەخەمەکانت بێت، ئایا ئەو بەس نییە بۆ بەختەوەربوونت، ئایا ئەو نییە کەخواپەرستانی خۆشدەوێت؟ کەواتە چۆن لەڕۆزیی خۆی بەشیان نادات؟ خەم مەخۆ شتانێك چاوەڕێتن کەلە دنیاو ئەوەی تێیدایە جوانترن، کەواتە دڵت بەدنیاوە هەڵمەواسەو بە (غفار)و (عزیز)ەوە هەڵیبواسە، هەر خەمێکی بچوك بەختەوەرییەکی گەورە لەپێشیەوەیە، تۆ مامەڵە لەگەڵ خودای بەبەزەییو بەخشندەدا دەکەیت.

متمانەت بەپەروەردگاری عەرشی مەزن هەبێت، باوەڕداران ئەویان بەسە.



Scanned with CamScanner



## خۆشەویستی

هەرشتێک بە خۆشەویستییەوە بکرێت هەرچەندە سادەش بێت جوان دەردەکەوێت، تەنها لەڕێی ڕوانینێکەوە بێگەردیی دڵی کەسانی دەوروبـەرت دەبینیت، دڵیان لەچاویانەوە دیارە، بەتایبەت ئەگەر کەسەکە باش بێت، تەنها چاوەکانی خۆشەویستییان لێ نابارێت، بەڵکو هەموو شتێک لەناو ئەودا بە خۆشەویستی دەجولێت.

# خۆشەویست (الله)

کاتێك پرسییان چۆن خودات خۆشویست لەکاتێکدا بێفەرمانیو تاوان دەکەیت؟

پێموتن ئەو خۆشەویستەیە کەفێری کردم:

لەدوای بێفەرمانی بەزەیی هەیە

لەدوای ماندووبوون حەوانەوە هەیە

لەدوای لاوازی هێز هەیە

لەدوای ژێردەستی شکۆمەندی هەیە

ئەو فەرموویەتی:

«إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ ۚ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ».

خودای بەبەزەیی راستی فەرموو.

خودایە هێزو شکۆمەندیو بەزەییو حەوانەوەمان بەردەوام بکە.



Scanned with CamScanner

# گومانی خراپ

زۆر سەرسام مەبە بەوەی بەدەستت هێناوە، و ئێستا لەبەردەستتدایەو گڵتە بەوانە بکەیت کە لەتۆ کەمتریان هەیە.

کچێك هەبوو کەپێیان دەوت فاسق‌و پەیوەندییەکانی بەرفراوان بوون، بەڵام ئەوکچە خەڵکی بەوشێوەیە دەیانبینی، خودا جوانتر دەیبینی کەقورئانی پیرۆزی لەبەرکردبوو.

دنیا تەنها یەك دۆخ نییە، بۆیە دۆخت نەبێتە هۆی سەرسامبوون‌و لەخۆباییبوونت، و بڵێ سوپاس بۆ ئەو خودایەی ڕێنموونیی کردووم‌و ئەگەر بیویستایە دەیکردم بەلاوازترین کەس.



Scanned with CamScanner

# خاوێنکەرەوەی دڵ

پێشەوامان عومەر فەرموویەتی: «ئەگەر هەورە بروسکەیەك لەئاسمانەوە بێتە خوارەوە بەر کەسێك ناکەوێت کەداوای لێخۆشبوون بکات».

خودای باڵادەستیش فەرموویەتی:

«قل استغفروا ربکم انه کان غفارا یرسل السماو علیکم مدرارا ویمددکم باموال وبنین ویجعل لکم جنات ویجعل لکم انهارا»

بەداوای لێخۆشبوون، بەهەموو ئەو شتانە دەگەیت کەلە دنیادا خەونی پێوە دەبینیت، ئەوە رێگایەکە کەدەتگەیەنێت بەچەندین رێگا، هیچی پێویست نییە جگە لەجوڵاندنی ئەو زمانەی کەماندوو بووە بەقسەکردن و کۆکردنەوەی تاوانەوە.

ئەگەر هەڵەت هەیە بەداوای لێخۆشبوون پۆزش بۆ خودا بهێنەرەوە.

پاکی و گەورەیی بۆ خودای باڵادەست و بەجۆرێك داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەیت کەشایستەی گەورەیی ئەو بێت.



Scanned with CamScanner



## ئایا کەس وەڵامی پێیە یان وەڵامدەرێك نییە

ئەگەر تۆ شیعەیت کێیت تا جنێو بەعومەر بدەیت؟
ئەگەر تۆ سونەیت کێیت تا قسە بەعەلی بڵێیت؟
ئەو هاوەڵی خۆشەویست و شکۆمەندی بووە،
ئەمیش لەبنەماڵەو دڵی بووە؟
تۆ کێیت لەنێوان ئەم و ئەودا؟
ئایا وەڵامم دەدەیتەوە یان وەڵامت پێ نییە؟
درودو سڵاوی خودا لەسەر پێغەمبەرو بنەماڵەکەی بێت.

Scanned with CamScanner

# من نیم

هەندێجار لەناو کۆڕێکدا لەگەڵ کەسانێک دادەنیشیت و گوێیان لێ دەگریت و قسەیان بۆ دەکەیت، بەڵام لەناختەوە دەڵێیت ئەوە من نیم! ئەوە پێگەی من نییە! ئەوە قسەی من نییە! هەست بەتەنگەنەفەسی دەکەیت.

هەندێجاریش لەگەڵ کەسانێک دادەنیشیت لەخۆت دەچن و هیچ چێژێک وەرناگریت، بەڵام دەڵێیت ئەوە منم و ئەوە پێگەی منە، ئەوە قسەی منە و هەست بەناڕەحەتی ناکەیت.

تۆ لێرەدا سەرسام بوویت لەنێوان چێژوەرگرتن و ویژدانتدا مرۆڤیش تەنها ئەوەی لەسەرە ویژدانی هەڵبژێرێت، ئەگەرنا ژیانی بەئازارەوە بەسەردەبات، ویژدانت هەڵبژێرە تەنانەت ئەگەر چێژیش وەرنەگریت

Scanned with CamScanner



## رازیبوونی خەڵك

هەوڵ مەدە هەستت بەجۆرێك نیشان بدەیت بۆئەوەی مرۆڤەکان رازی بکەیت، لەکاتێکدا هاوڕێم تۆ خۆت وێران دەکەیت، ئەگەر پارێزگاری لەخۆت و هەستەکانت نەکەیت کەسی تر نابینیت گرنگی بەهەستەکانت بدات، رێزگرتنی خەڵکی بۆ هەستەکانت، لەڕێزگرتنی خۆتەوە بۆ هەستەکانت دەستپێدەکات.

چۆن عاشقی شتێك بین کەبەشی

و ئەو بەشەی هی ئێمەیە وازی لێبهێنین

یان ئەمە لەسەر مرۆڤ نووسراوە

یان ئارەزووی خۆی ئەمەی پێدەکات

وریای ئارەزووەکانت بە، چونکە بەشی تۆ دیاریکراوە

ئەویش لەلای خودایە

کارێك مەکە دەروونت فەرمانی خرابەت پێبکات

Scanned with CamScanner